
# بەرەو ڕووناکی

جگە لە سەروتار سەرجەم بابەتەکانی تر خاوەنەکانی لێی بەرپرسن.

سەرنووسەر: سالم محمەد

ژمارە ١٦ ٢٠٢٠/١٠/١ ڕۆژی پێنج شەمە

# مەلا بەختیار و کتێبەکەی




لەشێواندنی ڕووداوەکانی کوردستانەوە بۆ تێکدانی داستانی یۆنانییەکان/ مەجید ساڵح

نووسراودانی وشە ماڵێک بۆ هەمووان

# مەلا بەختیار و کتێبەکەی

سالم محمەد

مەلا بەختیار بەناوی نووسینی بیرەوەریەوە کە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە بەرنامەیەکی کەناڵی ڕووداو کە بەرنامەکەش و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی مەلا بەختیار لەم کاتەدا بە مەبەست بوو، کە پێم وایە هۆکاری سەرەکی بەرنامەکە بە خواستی پارتی کە لێدان بوو لە ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا و شێواندنی مێژووبوو، هەوڵ وتەقەلای مەلا بەختیارە بۆ ئەوەی بە هەرنرخێک بێت کاندید بکرێت بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق، هەروەها هۆکارێکی تری هێرشەکانی کە بەشێکی هێرش بوو بۆ سەر یەکێتی، پەیوەندی بەو بەراوێزخستنەی ئەم کارەکتەرە سیاسیە لە ناو یەکێتی لە دوای کۆنگرەی ئەو حیزبەوە، کە لە ڕێگای بەرنامەکە و کتێبەکەیەوە پێی ڕاگەیاندن ئامادەم مێژووشتان بشێوێنم ئەگەر پەراوێز بخرێم.

مەلا بەختیار بە هێرشەکانی بۆ سەر ڕەوانشاد کاک نەوشیروان لەم کاتەدا بە خوێندنەوەی خۆی دەبێتە گەورەترین پاڵپشتی بۆ ئەو هێرشە میدیاییانەی کە سێبەری حیزبەکەین و دەرونی گۆڕانخوازانیان شێواندوە، بەردەوام هێرش دەکەنە سەر بزووتنەوەی گۆڕان و بوونی دەنگی نارەزای ناو هەڵسوراوانی گۆڕان و گۆڕانخوازانی بەهەڵ زانی بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر ڕەوان شاد نەوشیروان مستەفا بەڵام پێش بزووتنەوەی گۆڕان و میدیاکەی هێزە خۆرسکە کەی گۆڕان کە گۆڕانخوازن سۆشیال میدیایان داگیرکرد بە مەلا بەختیار و هەموو نەیارەکانی ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفایان وت تا ئێرە و بەس نەوشیروان مستەفا تەنها بە جەستە مردووە و ئامادەی هەموو قوربانیەکەین لە پێناو بەرنامەکەی و ناوی نەوشیروان مستەفادا.

دوای وەڵامدانەوەی توندی گۆڕان و میدیاکەی و بەردەوام بوونی گۆڕانخوازان لە ڕەتکردنەوەی هەر هەوڵێک بۆ شێواندنی مێژووی نەوشیروان مستەفا مەلا بەختیار کتێبەکەی بڵاوکردەوە و کۆنگریەکی ڕۆژنامەوانی ئەنجامدا، کە ئەوەی شارەزای زمانی جەستە یاخود دەروناسی بێت و بەراوردێکی خێرایی بەرنامەکەی ڕووداو بکات لەگەڵ کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانیەکەی مەلا بەختیار و سەیری قسە و جوڵە و ڕووخساری بکات تێدەگات کە چەند وەڵامەکانی هەڵسوراوان و گۆڕانخوازان هێنانەوەی بەڵگە لەسەر بابەتەکانی ناو مێژوو کە ئەو شێواندویەتی کاریگەری هەبووە لەسەری، و دەرونی شێواندویەتی و چەند هەستی پەشیمانی سیمای داگیرکردوە، ئەمە لە کاتێکدا لە بەرنامەکەی ڕووداو بەو پەڕی بڕوا بە خۆبوونەوە قسەی دەکرد و تەحەدای دەکرد، بەڵێ هەر هەوڵێکی ناڕاست بە ئاراستەی هێرش کردنە سەر ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا میللەتێک ئامادەیە بەرگری لێ بکات، ئەوانەی بەرگری لێ دەکەن لە شاخ نەژیاون نەوەی شار و دوای ڕاپەڕینن، بەڵام شارەزان بە دێرەکانی ناو کتێبە گرنگەکان چونکە بەرنامەی سیاسی کەسێکیان قبوڵکردوە کە پێش ئەوەی سیاسی بێت مێژوو نووس و شاعیر و ڕۆشنبیر و نووسەرێکی لێهاتووە کە کتێبەکانی لە زانکۆ وەک سەرچاوەی زانستی پشتی پێ دەبەسرێت بۆ توێژینەوەی زانستی.

## لەشێواندنی ڕووداوەکانی کوردستانەوە بۆ تێکدانی داستانی یۆنانییەکان/ مەجید ساڵح

شمشێرەکەی هیرکلیس یان دامۆکلس
(2)

دوادا شی بەی دیکەڵقەختیار.. هەلا بەی"مەوەبری بیرەر کتێبی "لەسەلە ی وتاری پێشوومەدرێژە م وتارەئە ..دێ نووسەر لە لاپەرە ١٣٠ کتێبەکەیدا نووسیویەتی:
"ئەم ساڵ بە پێچەوانەی ساڵانی رابردوو، وتاری گرنگ گرنگ، لەسەر بزوتنەوەی گۆران و رابەرە گشتیەکەی نوسرا! دڵنیام، لەمەودا، راستیەکان فراوانتر باس دەکرێ، بەربەسەتە سایکۆلۆژییەکان.. خوسان!! شمشێرەکەی هیرکلیسیش لەسەر سەری نووسەران نەماوە، هەتا بە زنجیرە وتار، تاوانەکان بشاردرێنەوە."

لەو پەرەگرافەی سەرەوەدا، مەلا بەختیار جگە لە چەندین هەڵەی ڕێنوس و بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندی کە کاتی راستکردنەوەیان نییە و نیشانەن بۆ کەمی مەعریفە لە لیکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیدا؛ بەوە شاگەشکە بووە کاک نەوشیروان کۆچی دوایی کردوە و چیتر"شمشێرەکەی هیرکلیس" بەسەر سەری خۆی و هاوڕێکانییەوە نەماوە و فورسەتە هەزاران وتاری گرنگ گرنگ لەسەری بزوتنەوەی گۆڕان و خودی خۆی بنووسن.
جارێ با لە پێشدا بۆی ڕاست کەمەوە کە جیاوازی ئەرزو ئاسمان هەیە لە نێوان "هیرکلیس"ی ئیمپراتۆری بیزانس و "دامۆکلس" کە خزمەتکارێکی دەرباری ئیمپراتۆر "دیونیزوس" بوو، لە یۆنانی کۆن. هەموو ئەدەبیاتی یۆنانی بگەڕێت شتێک نادۆزیتەوە بە ناوی "شمشێرکەی هیرکلیس"، خۆ ئەمە مێژووی کوردستان نییە بەکەیفی خۆت و چۆنت بوێ بینوسیتەوە ... بەراستی جورئەتێکی گەورەی دەوێ ڕێگەی بەخۆت بدەیت دەست بۆ شێواندنی ئەفسانەی یۆنانییەکانیش بەری.

"شمشێر دامۆکلس"، ئەفسانەیەکی یۆنانی کۆنە، چیرۆکەی بەم شێوەیە: "دامۆکلس کە خزمەتکارێکی دەرباری ئیمپراتۆر "دیونیزوس" بوو، پێی وابوو ئیمپراتۆر لەرووی هێز و باڵادەستی و ئیدارەدانی مەملەکەتەوە کەسێکی سەرکەوتوو و بەختەوەرە. ڕۆژێک دیونیزوس داوای لێکرد لە جێگەکەی ئەو دانیشێ و بزانێ ئەو خۆشبەختیەی باسی دەکات لەچیدایە. دامۆکلیس بە شەوقەوە پێشنیارەکەی قەبوڵ کرد و ئێوارە خوانێکی شاهانەی بۆ ڕێکخرا و ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی وەک ئیمپراتۆر پێشوازی لێکرا، چوو سەر تەختی ئیمپراتۆر، بەڵام لە ناکاو شمشێرێکی تیژی بەسەرسەریەوە خۆیەوە بینی، شمشێرەکە تەنها بە تاڵێک موی کلکی ئەسپێکەوە بەند بوو. هەرکە شمشێرکەی بینی خۆشیەکەی لەبیر چووەوە و لەجێگەکەی هەستاو و داوای لە پادشا کرد ڕێگەی بدات مەجلیسەکەی بەجێبهێڵێ، بەدەم راکردنەوە وتی ئیتر هەتا ئارەزووی ئەوە ناکات خۆشبەختیەکی لەو جۆرەی دەست کەوێ"..
دیونیزوس دەیویست دامۆکلس تێگەیەنێت کە ژیانی ئیمپراتۆرەکان هەردەم لە مەترسیدایە. ئێستا داستانی "شمشێرەکەی دامۆکلس" بۆ مەبەستی جیاجیا بەکار دەهێنرێ.. درێژەی وتار بۆ لاپەرە ٤

بۆ نمونە دەکرێ بلێین ئەمریکا بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی وەک "شمشێرەکەی دامۆکلس" بەسەر ئێرانەوە داناوە. مەلا بەختیاریش بە حسابی خۆی پێی وایە نەوشیروان مستەفا "شمشێرەکەی دامۆکلس" بووە لەسەر سەری نووسەران و ئەوان لە ترساندا هیچیان نەنووسیوە، مادام ئێستا لە ژیاندا نەماوە، کەواتە لەمەولا دەرگا بەرووی هەزاران وتار و کتێبدا دەکرێتەوە.

مەلا بەختیار لێرەشدا وەک چۆن ڕێگەی بەخۆیداوە دەست بۆ شێواندنی داستانێکی ٢٥٠٠ ساڵەی یۆنانییەکان ببات، ئاواش لە بەراورد کردنی کاک نەوشیروان بە شمشێرکەی دامۆکلس بەهەڵەدا چووە، چونکە کاک نەوشیروان زیاتر لە سەبارەت بە بیرەوەرییەکانی وتوویەتی: "هەوڵم داوە یاداشتەکانم بە "MAD-TV"٢٥ ساڵ پێش ئێستا بە ئاشکرا لە ئسلوبێکی وا بنوسم، خەڵک و گەنجی تازە پێگەیشتو کەڵکی لێوەرگرن، یەعنی فێری گیانی لێبوردەیی ببن، نەک گیانی تۆڵە سەندنەوە و ئینتیقام.هەوڵم داوە ڕوداوەکان بگێڕمەوە. ڕوداوەکانم لە باری سەرنجی خۆمەوە گێڕاوەتەوە، ڕەنگە تەرەفی مقابیل موافق نەبێ لەسەری، بەڵام حەز ئەکەم لە حەیاتی خۆما، هەتا خۆم زیندوم، ئەوانەی تریش زیندون بڵاوی بکەمەوە، بۆ ئەوەی لەم زەمانەیا مناقەشەکان دروست ببێ، نەک لە دوای خۆم."

نەوشیروان مستەفا لەو پەرەگرافەدا بە زمانێکی پڕلە ئەدەبەوە دەڵێ حەز ئەکەم لە حەیاتی خۆما تەرەفی مقابیل کە ڕەنگە لە سەر گێڕانەوەکەم موافق نەبێ، با لە ژیانی خۆما مناقەشەم لە گەڵدا بکا، نەک دوو ساڵ دوای کۆچی دوایی، لە فرسەت بگەڕێ خۆی و جەماعەتەکەی کۆ بینەوە و هەریەکەیان لای خۆیەوە دەست بەهۆنینەوەی درۆو دەلەسەی بێ بنەما بکات.
لەو ٢٥ ساڵەدا کاک نەوشیروان نە لە دەسەڵاتدا بوو، نە وەک مەلا بەختیار و هاوڕێکانی خاوەنی لەشکر و هێزی تایبەت بوو، تا هەرکەسێک قسەیەک لەسەر کتێبێکی بکات بچێتە سەری.. ئەی ئەوە نییە لە سەردەمی ژیانی خۆیدا مامۆستا پشکۆ و کاکە حەمە و چەندانی تر بیرەوەری خۆیان نووسی و ڕخنە و قسەی ڕەقیشیان بەرامبەری کرد، بەڵام ئەو لە گوڵ کاڵتری پێ نەوتن و هیچ شمشێرێکیشی بە ڕوویاندا ڕانەکێشان.

نەوشیروان مستەفا ساڵی ٢٠٠٦ پاش وازهێنانی لە یەکێتی نیشتمانی "کۆمپانیای وشە"ی وەک دوا پرۆژەی میدیایی خۆی دروست کرد و لە ماوەی سێ ساڵ کارکردندا، بەهاوبەشی لە گەڵ میدیا ئەهلییەکانی دیکە و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرانی سەربەخۆی کوردستاندا؛ سەرەڕای بوونی ئاڵنگارییەکی زۆر توانی ئاستی هۆشیاری هاووڵاتیان سەبارەت بە مافەکانیان و داواکردنی دادپەوەری کۆمەڵایەتی و دامەزراندنی حکومەتێکی موئەسەساتی، بەشێوەیەکی زۆر بەرزبکاتەوە.. دروستکردنی "بزوتنەوەی گۆڕان"یش لە ٢٠٠٩، وەک دوا پرۆژەی سیاسی، جۆری حیزبایەتی کردنی لەکوردستاندا سەروژێر کردەوە و خەباتی مەدەنی و پەرلەمانی کرد بە ئەساسی کاری حیزبایەتی.
بزوتنەوەی گۆڕان جگە لە دەنگی خەڵک، پەنای بۆ هیچ چەکێکی دیکە نەبرد.

لەبەرامبەردا حیزبەکەی مەلابەختیار و هاوپەیمانە ستراتیژەکەی بە زەبروزەنگ ڕووبەڕووی ئەو بزوتنەوەیە بوونەوە.. حیزبەکەی مەلا بەختیار تارادەی شەهید کردن و نان بڕین و هەتک کردنی حورمەت و شاربەدەرکردن و دانانی هەزاران "شمشێری دامۆکلس"نەک هەر بەسەر سەری هەڵوسراوان، بەڵکو بەسەر سەری دەنگدەرانی گۆڕان، چوونە پێشەوە. لەوەش زیاتر پەنایان بۆ دزینی کورسیەکانی بزوتنەوەی گۆڕان و تەزویر و فرت و فێڵ و داخستنی پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی نیشتمانی برد.

لەبەرامبەر ئەمەدا کاک نەوشیروان چی کرد؟ ئایا نەیدەتوانی هێزی سەربازی بۆ گۆڕان دروست بکات؟ ئایا نەیدەتوانی لەسەر خوێنی بەناحەق ڕژاوی هەڵسوڕاوەکانی گۆمی خوێن هەڵسێنێ؟ بێگومانم لەوەی مەلا بەختیار لەهەموومان باشتر دەیزانی، کاک نەوشیروان لەوە زیاتری پێ دەکرا،

بەڵام لەبەر ئەوەی باوەڕی بە رشتنی خوێنی کورد بە دەستی کورد نەبوو، لەبەر ئەوەی لە دوای ڕاپەڕینەوە دەیزانی سەردەمی شۆڕش بەسەرچووە و کاتی دروستکردنی کۆمەڵی مەدەنییە، لەسەر ئەرزی واقع، نەک لەسەر کاغەز، بۆیە وای نەکرد.

نە نەوشیروان مستەفا پێی وابوو و نە بنەماڵەکەی و هاوڕێکانیشی پێیان وایە دوای مردنی کەس بۆی نییە لەسەر کتێبەکانی وتار یان کتێب بنووسێت؛ بە پێچەوانەوە ئەو نووسیانەی ئەو بەشێکی گرنگن لە مێژووی ئەو قۆناغەی تێدا ژیاوە، بۆیە هەم قابیلی رەخنەلێگرتن... هەمیش دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی دەستی یەک لە توێژینەوە مێژووییەکاندا کەڵکیان لێوەرگیرێ.. ئەوە زانستی مێژوو نووسییە دەریدەخات کێ راستگۆ و کێ حیکایەت دەهۆنێتەوە.


رەخنەی ئێمە لە مەلا بەختیار کە بەردەوام حەزی لە دیبەت و مونازەرەیە، ئەوەیە بۆ تا نەوشیروان مستەفا زیندوو بوو بە نووسین نەکەوتە مناقشە لە گەڵی؛ بۆ ئەوەی لانی کەم لە مناقەشەکانی هەردوولا خوێنەر و خەڵک بەرچاویان روونتر بوایە

...

نەوشیروان مستەفا پیاوێکی دۆگما نەبوو، تا دوا ساتەکانی ژیانی خەریکی خۆ نوێکردنەوە و موراجەعەی فکری بوو، لە رابردوودا نەدەژیا و دەیخستە پشت سەریەوە و تەنها هێندە سودی لێ دەبینی دەرس و عیبرەتی لێوەردەگرت. نە بە شکستەکانی چوکی دەشکا و نە بە سەرکەوتنەکانی غرور دەیگرد، نەلەبەرپرسیاریێتی هەڵەکان هەڵدەهات ونەدەیخستنە گەردەنی ئەم و ئەو.. نە سەرکەوتنەکانی تەنها دەکرد بە موڵکی خۆی، نە بەخەڵکی دەیفرۆشتەوە، ئەمە نهێنی خۆشەویستی کاک نەوشیروانە لە ناو خەڵک و هاوڕێکانیدا...

"لە هەڵقەی داهاتوودا باس لە پاژنەی ئەخیل دەکەین".

---






نووسراودانی وشە، ماڵێک بۆ هەموو ڕۆشنبیران و نووسەران خوێندکارانی زانکۆ، ڕۆژانە کراوەیە بە ڕووی کەسانی ئەکادیمی و توێژەراندا.

**ئاگاداری سەرجەم نووسەران ڕۆشنبیران و هەڵسوراوانی بزووتنەوەی گۆڕان دەکەین دەتوانن بابەت و نووسینەکانیان بۆ ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی بەرەو ڕووناکی بنێرن بە مەبەستی ئەوەی بۆیان بڵاوبکەینەوە.**

**نووسەرە بەڕێزەکان دەتوانن نووسینەکانیان بنێرن بۆ ئەم ئیمەیلە:**

bargrinamasalam@gmail.com